www.kurdistannet.org
30-1-2007 11:59 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**لە پەراوێزی قسەکانی خۆیاندا: .. جەمال نەبەز، ئەدهەم بارزانی، سامان سەعید، جەمال غەمبار ... عامر سابیر**

asabir79@hotmail. com

جەمال نەبەز:



لە زۆربەی ئەو چاوپێکەوتنانەی کە ئەیکات مەسعود و جەلال بە برا گەورە و ئازیز و خۆشەویستی خۆی ناو ئەبات. تا ئێستا ئەم براگەورانەی جەمال نەبەز نە گوێیان لە ئامۆژگارییەکانی گرتووە نە بە قسەیان کردووە وە نە بۆ تەنها جارێکیش وەڵامی نامە کراوەکانی ئەویان داوەتەوە.

(خۆفرۆشی و پێش لەشکری بێگانە، ملهوڕ و دیکتاتۆر لە بەرامبەر خەڵکی کوردستان و مل شۆڕ و زەلیل لە بەرامبەر داگیرکەراندا، دز و گەندەڵ و هەڵخەڵەتاو، کورتبین و قوربانیەکی ساویلکەی گەمەی بەینی دەوڵەتانی ئیمپریالیستی و حکومەتە فاشیستەکانی ناوچەکە و بەرپاکردنی شەڕی ناوخۆ. . . . . . . . هتد) ئەمانەی سەرەوە تەنها بەشێکی کەمە لە کارکردو و مێژوی پارتی و یەکێتیی و بزوتنەوەکەیان.

لە هەلومەرجی تازەی ئێستادا ڕێگەیەك کە یەکێتیی و پارتی گرتویانەتەبەر لە ئەنجامی ساویلکەیی و نەزانینیانەوە نییە، بەڵکو بەرژەوەندی گیرفان و حیزب و چینیان وادەخوازێت، لەوەتەی ئەوان هەن بەرژەوەندیان جیاواز بووە لە بەرژەوەندی و داواکاری خەڵکی کوردستان.

جەمال نەبەز لە وتارێکیدا کە لەسەر ڕاپۆرتەکەی بیکەر-هاملتۆن نوسیبوی لە 2006/12/27 لە کوردستان نێتدا بڵاوکرابۆوە، پاکانە بۆ برا گەورەکانی دەکات بەوەی کە هەموو خەڵکی کوردستان تاوانبار ئەکات.

ئەمڕۆ پارتی و یەکێتیی کە بە ملهوڕی خۆیان سەپاندوە بەسەر خەڵکی کوردستاندا و بوونەتە دەسەڵاتداری ئەم وڵاتە، کەواتە بەرپرسیارێتی گەورە لە ئەستۆی ئەواندایە، ئەوانن مەسئولی یەکەمی ئەم وەزعەی ئێستا خەڵکی توشبووە.

هەرئێستا لە پێش ئەمریکا و دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکەوە، لە پێش ناسیۆنالیزمی عەرەب و سونە و شیعەوە، ئەوە پارتی و یەکێتین کە بەربەستی سەرەکین لە بەردەم ڕیفراندۆم و جیابونەوەی کوردستاندا.

ئەم بەربەستە بە کڕوزانەوە و پاڕانەوە و حیساب کردنی ئەوان بە برا گەورە وەلاناندرێت، تەنها هێزێك کە خەڵکی کوردستان لە وەدەرنانی بەعسدا نواندی، توانای لابردنی ئەم بەربەستەی هەیە.

ئەدهەم بارزانی:

لە چاوپێکەوتنێکیدا لە گەڵ میدیا کە بە دوو بەش بڵاوبۆتەوە لە ژمارە 265 و 266 لە 14و2006/11/21 نیگەرانە لە هەبوونی سیخوڕەکانی سەدام و فایلدارەکانی بەعس لە پەرلەمانی کوردستاندا، وە داوای سزادانیان ئەکات.

ئەم شێخە فەتوادەرە دەیەوێت پێمان بڵێت کە جیاوازی هەیە لە بەینی ئەوەی کە بەکرێگیراوی بەعس بیت یان بەکرێگیراوی ئاخوندەکانی ئێران بیت.

ئەدهەم بارزانی لە فەتوایەکیدا کە لە ناوەڕاستی نەوەتەکاندا دای بۆ کوشتنی ڕێبوار ئەحمەد (سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمونیستی کرێکاری عێراق) دووسەد هەزار دیناری ئەو کاتەی لە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پارەی بەکرێگیراویەکەی تەرخانکرد بۆ هەر کەسێك کە ڕێبوار ئەحمەد بکوژێ، تەنها لەسەر ئەوەی کە مەقالەیەکی بڵاوکردبۆوە بە ناوی (ئیسلام پەیامی کۆیلایەتی و ئیغتسابی ژنان ڕادەگەیەنێت) .

ئەو پرسیارانەی کە میدیا ئەبوایە خۆی لێ لانەدایە و ئاڕاستەی ئەدهەم بارزانی بکردایە ئەمانەی خوارەوەن؛

1) بۆچی لە جیاتی وەڵام بە قەڵەم پەنا ئەبەنە بەر فەتوا و کوشتن لە بەرامبەر نوسینی مەقالەیەکدا.
2) ئەو دوو سەد هەزار دینارەتان لە کوێ بوو کە تەرخانتان کردبوو بۆ هەرکەسێك کە ڕێبوار ئەحمەد بکوژێ.
3) بۆچی فەتواکەتان لەو کاتەدا لە ڕۆژنامە سەرەکییەکانی جمهوری ئیسلامی ئێراندا بڵاوکرایەوە.
4) ئایا جیاوازی هەیە لە بەینی ئەوەی کە فایلداری بەعس بیت، یان بەکرێگیراوی ئێران بیت.
5) ئایا ئێستا پەشیمان نین لەو فەتوایەتان، وە ئایا ئامادەن داوای لێبوردن لە ڕێبوار ئەحمەد و حیزبی کۆمونیستی کرێکاری عێراق بکەن.

هەروەها ئەم شێخە عەنتیکەیە مەسئولی نوسینگەی کاروباری عەشیرەتەکانە کە بارەگاکەی لە (پیرمام) ە لە گەڵ ئەوەشدا ئەڵێت، من لە گەڵ ئەوەدام کە کۆمەڵگەی مەدەنی زیاتر و زیاتر بەرەو پێش بچێ!؟

سامان سەعید :

نزیك بە هێندەی ژمارەی پەنجەکانی دەستێکی هاتووە و ڕۆیشتووە لە ناو حیزبی کۆمونیستی کرێکاری عێراقدا.

لە وتارێکیدا کە لە سایتی بۆپێشەوە لە 2007/1/9 دا بڵاوکراوەتەوە، هێشتا خۆیمان بە هەڵسوڕاوێکی چەپ پێدەناسێنێت، ئەم کاکەیە ئەڵێت (ناسیۆنالیزمی کوردیش دروست کاری کرد لەوەی خۆی لە گەڵ سیاسەتی ئەمریکادا گونجاند) زۆر سەیرە تەنانەت سامان لە دوای بڵاوبونەوەی ڕاپۆرتەکەی (بیکەر-هاملتۆن) یش ئەمە ئەنوسێت.

باشە بۆ زەحمەتت نەکێشاو چەند بەرهەمێکی ئەو خۆگونجاندنەت نەژمارد کە چی بووە بۆ خەڵکی کوردستان؟

سامان پێدەچێت خۆی بە کەسێك لەو (95%) ی خەڵك دانابێت کە پێی وایە ئەگەر پرسیاریان لێبکرێت، دەنگ بە جیابونەوە و سەربەخۆیی کوردستان دەدەن، بەڵام هەر لە دوای ئەم قسەیە، دەماری کوردایەتی هەڵدەستی و سەری لێدەشێوی و نازانێت چی وتووە پێشتر و ئەڵێت (مادەی 140 پرۆژەیەکی باشە و پێویستە بەرپەرچی هەر هەوڵێك بدرێت کە دەیەوێت بیگۆڕێت یان دوای بخات)

سامان گیان تۆ پێش ئەوەی قەزاوەت لە سەر سیاسەتەکانی حیزبی کۆمونیستی کرێکاری عێراق بدەیت کە ئایا دروستن یان نا دروست، پێویستە خۆت ساغ بکەیتەوە و ئەوەت بۆ ڕوون بێت کە ئایا لە گەڵ ڕیفراندۆم و جیابونەوە و سەربەخۆیی کوردستاندای یان لە گەڵ بەدیلەکەی پارتی و یەکێتیی کە فیدرالیزم و لکاندنەوەی کوردستان بە بێ پرسی خەڵك بە عێراقی عەرەبی و ئەو مادەی 140 ەی کە بووە بە بڵقی سەر ئاو.

ئەم هەڵسوڕاوە سیاسییە چەپە لە کەرکوکدا تەنها ئینسانی موجەڕەد ئەبینی (تاکی کورد بە دابڕاوی لە کۆمەڵگە و بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی ناو کۆمەڵگە) تەئسیری دوولایەنەی تاکەکان و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە سەر یەکتری نابینێت، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا زۆر نا مەنتقی و نا مارکسیستی و نا زانستیە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

سامان ئەبێت ئەوەی لە لا ڕۆشن بێت کە بزوتنەوەی ناسیونالیستی (بزوتنەوەیەکی کۆنەپەرستانەیە) جا لە هەرشوێنێکی دنیا بێت، لە هەر نەتەوەیەك بێت، سەروەر بێت یان ژێر دەست. وە مێژوی ناسیۆنالیستی کورد لە کوردستاندا لە چەند دەیەی ڕابردوودا باش ئەوەی بۆ خەڵکی سەلماندوە کە چەندە کۆنەپەرست و دژی بەرژەوەندیەکانی خەڵکە.

مەسەلەی کورد مەسەلەیەکی سیاسییە نەك نەتەوایەتی، بۆیە ڕێگە چارەی سیاسیشی ئەوێت، بۆ چارەسەری ئەم مەسەلەیە ناسیۆنالیستەکان ئەڵێن فیدرالیزم و کۆمەنیستەکان ئەڵێن ڕیفراندۆم، کە دوو ڕێگە حەلی سیاسی جیاواز و دژ بە یەکن.

سامان ڕاستیەکان چەواشە ئەکات تا وەك پاساوێك بەکاریبهێنی بۆ ڕێگەیەکی تازە کە گرتویەتیە بەر، ئەگەر نا ئەوە لە لای سامان ڕۆشنە کە حیزبی کۆمونیستی کرێکاری عێراق لە پێش ڕوخانی بەعسی فاشی و لە دوای ڕوخانی سەدام، وە تەنانەت لە هەلومەرجێکدا کە ئەگەر چەپ و کومونیزم بە دەسەلاتیش بگەیشتایە، ئەوە لە (دنیایەکی باشتر) بەرنامەی حیزبی کۆمونیستی کرێکاری عێراقدا بەیانکراوە و ڕۆشنە کە ڕیفراندۆم ڕێگە حەلێتی بۆ کێشەی کورد، وە بڕیاری خەڵکی کوردستان هەرچیەك بێت نەك هەر بە ڕەسمی دەناسی و دیفاعی لێدەکات، بەڵکو هەموو هەوڵی خۆی ئەدات بۆ بە عەمەلی کردنی ئەو بڕیارە.

لە پێش و لە پاش ڕوخانی بەعس ئەم بەشە لە بەرنامەی حیزب نەگۆڕاوە و وەك خۆی ماوە، کە تاکە حیزبە لە عێراق و کوردستاندا بە ڕاشکاوی ڕیفراندۆم و جیابونەوە بە ڕێگە چارەی ئەم کێشەیە بزانێت و لە بەرنامەی حیزبەکەیدا بێت.

سامان لە دوای ئەم وتارە عەنتیکەیەی ڕونکردەوەیەکی بڵاوکردەوە لە سەر ئەوەی کە چەند هەڵەی بە سەردا تێپەڕیبوو، هیوادارم ئەمانەش هەڵەبن، هیوادارم سامان هەر کومونیست و هەڵسوڕاوی چەپ بمێنێتەوە، ئەگەر لە دەرەوەی ڕیزەکانی حیزبی کۆمونیستی کرێکاریشدا بێت کاری زۆر هەیە بۆ هەر سۆسیالیست و هەڵسوڕاوێکی چەپ کە ئەنجامی بدات.

جەمال غەمبار:

شاعیرێکی هەست ناسکە و لە کوردستان پارێزەر بوو، ئێستا نیشتەجێی شاری (ئەدەلاید) ی جنوبی ئوسترالیایە، لە2007/1/13 لە چاوپێکەوتنێکیدا لە گەڵ ڕادیۆی ئێس بی ئێس بەشی کوردی لە ئوسترالیا وتی (من وەك کەسێك، وەك پارێزەرێك، وەك ئینسان دۆستێك، دژی سزای ئیعدامم بە شێوەیەکی گشتی، بەلاّم دژی ئیعدام کردنی سەدام نیم، یانی بەڕاستی ئەبێت ئەوە ڕۆشن بێت کە دژی ئیعدام کردنی سەدام نیم) .

هەر لەو شارەی کاك جەمالی لێدەژیت، پارێزەرێکی تر، کوڕەکەی (کە ناوی جۆشوا بوو) کوژرا لە بالی ئەندەنوسیا لە گەڵ 203 کەسی تر لە کردەوەیەکی تیرۆریستی ئیسلامیەکاندا.

ئەمروزی کە یەکێك بوو لە داڕێژەرە سەرەکییەکانی ئەو کارە تیرۆریستی و وەحشیانەیە، گیرا و دادگا حوکمی ئیعدامی دەرکرد بۆی، ئەو ئیسلامیە کەلە وشکە لە کاتی خوێندنەوەی حکومەکەیدا هەستایە سەر پی و پێدەکەنی و چەپڵەی لێدەدا، بەلاّم باوکی جۆشوا ئەگریا و وتی نابێت لە تۆڵەی کوری مندا هیچ کەس ئیعدام بکرێت. وتی وەك چۆن لە ئوستراليا لە ساڵی 1967 ەوە ئیعدام نەماوە ئەبێت لە تەواوی دنیادا پراکتیککردنی کوشتنی ئینسان بەم شێوە بەربەریەتە قەدەغە بکری.

هەروەها کاتێك جۆن هاوەردی سەرۆك وەزیرانی ئوستراليا لە ساڵی 2003 دا لە وەلاّم بە خۆپیشاندانی ملیۆنی خەڵکی ئوستراليا لە دژی هێرش بۆ سەی عێراق وتی خۆتەقاندنەوەی ئیسلامیەکان لە بالی کە 204 کەسیان کوشت وە لە نێویاندا 83 ئوسترالی هەبوو، پێمان دەڵی کە هێرش بۆ سەر عێراق زەرورە،

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
30-1-2007 11:59 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

بەڵام باوکی جۆشوا لە وەڵام بە ئەودا وتی جۆن هاوەرد مافی ئەوەی نییە کە بە ناوی ئێمە قوربانیانی (بالی) یەوە هێرشی سەر عێراق بکەن و خەڵکی بێتاوان بکوژن.

2007/1/29

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.